# کوشتنی باوکی ساختە

**ئاوات ئەحمەد**



**دوای ئەوەی کوڕە زۆڵەکان ماوەیەکی زۆر باوکیان دەسبەسەرکردو هەرچی مەهزەلەیەکیان هەبوو پێیان جێبەجێکرد، سەرەتای ئەم هەفتەیەو لە یەکەم رۆژی جەژنی قورباندا دایان بە زەویداو کردیان بە قوربانی جەژنی قوربان.**

**کوڕەکان دەمێك بوو دایکی خۆیان مارەکردبوو، هەموو یاساکانی باوکیان ژێر پێ خستبوو، ئەو کەمە ئاسایشەی ئەو توانیبووی بە زەبری هێز دابینی بکات، ئەویشیان دۆڕاندبوو. لە ماوەی دەسبەسەریی باوکدا، کوڕەکان نەیانتوانی هیچ شەریعەتێکی بەدیل بۆ شەریعەتە خوێناوییەکەی ئەو دابنێن، تاکە شتێك کە سەرکەوتووبوون تێیدا، بریتی بوو لەوەی خۆیان بکەن بە خاوەنی کەنیزەکەکانی ئەو، لە قەڵاکانی ئەودا نیشتەجێ بن، لە نێوانی خۆشیاندا لەسەر میراتییەکەی باوکی دەستگیرکراو بوو بە شەڕیان و ئەوەی بە یەکترییان کرد زۆر لەوە تێپەڕی کە باوك پێی کردبوون.**

**سەدام باوکێکی ساختەبوو، چونکە ئەو نەیتوانیبوو مەملەکەتێك پێکەوە بنێت، بەڵکو مەملەکەتێکی وێران کرد کە خۆی هەبوو. ئەو خۆشی ئەمەی چاك دەزانی، بۆیە هەردەم هەوڵی دەدا رەسەنی خۆی بباتەوە سەر ئیمامی عەلی، کەسانێکی هاندەدا کتێبی لەسەر بنوسن، سەلاجەی مالآنی دەکردەوە بۆ ئەوەی پێیان بڵێت: نمەك لە بەینماندا هەیە، بە باوکی خۆتان پەسەندم بکەن. لە کۆشکەکەیدا منداڵانی لە خۆی کۆدەکردەوە بۆ ئەوەی گۆرانی بۆ بڵێن.**

**باوکە راستەقینەکە دوای دەستگیرکردنی ئەو لە حەشارگەکەی هاتە دەرەوەو ماوەی سێ ساڵە بەقەدەر هەموو تەمەنی سەدام خوێنی رشتووە. باوکە راستەقینەکەی ئەم خەڵکەی کە کاتی خۆی حسێنی کوڕی ئیمامی عەلی نزای لێکردن و وتی (خودایە هەرگیز فەرمانڕەواکانیان لێ رازی نەکەیت) غولێکە بەخوێن دەژی، ئەو باوکە حەکیمێکی وەك سفینیکس[1] نیە کە مەتەڵێکی پێبێت و وەڵامدانەوەی ببێتە هۆی ئەوەی خۆی بکوژێت، ئەو باش دەزانێت ئەمانە کوڕی ئەو نین، تاکە مەتەڵیشی بریتی بوو لە خۆشاردنەوەی لە کونێکی قێزەووندا، لەکاتی ئاشکرابوونی مەتەڵەکەشیدا، نەیتوانی خۆی بکوژێت.**

**کوڕەکان لە یەکەمین رۆژی جەژنی قورباندا، باوکە ساختەکەیان دا بە زەویدا، بۆ ئەوەی لە سروتێکی ئەفسانەییدا هەموویان گۆشتەکەی بخۆن، بێ ئەوەی بەڵێنی ئەوە بە یەکتریی بدەن کە جارێکی دیکە هەرگیز ئەو تاوانە دووبارە نەکەنەوە.**

**ئەم کوڕە زۆڵانە نەوەی مێژوویەکی پڕ لە خوێنڕشتنن، بۆیە تەنها لە گۆمی خوێندا دەتوانن بژین، ئەوانە بە خوێن گەشەدەکەن. لەگەڕانیاندا بە دوای باوکدا، هەموو یاساکانی سەدامیان سەلماندو وێنەکانی خۆیان لە جێگای وێنەکانی ئەو هەڵواسی، بە هەر هەموویان زاتی ئەوەیان نەکرد، ئەو زاراوەی (ئەڵاهو ئەکبەر) ە لە ئاڵای مەملەکەتەکە بکەنەوە، کە پێشتر سەدام بە خوێنی خۆی نوسیبووی، ئەو زاراوەیە لێرە بەدواوە نیشانەی خوێنی رژاوی ئەو دیکتاتۆرەیە کە کوڕەکان لە ساتەوەختەکانی بەدەمەستی خۆیاندا کردیان بە شەهید، بە خواردنی گۆشتەکەی لە رۆژی جەژندا، یاسای هەموو "شتێك رێگە پێدراوە" یان خستە جێگەی هەموو یاسایەکی مرۆیی، ئیتر ئەو مەملەکەتەی کە سەدام بە وێرانی جێیهێشت، بووەوە بە دارستانەکەی جاران و مانەوە تێیدا تەنها بۆ بەهێزترینە.**

**کوشتنی سەدام بەمشێوەیە مانای چیە؟ ئەم کارە ئەگەر مانایەکی هەبێت، مانای ئەوەیە کە کوڕەکان دەیانەوێت هەموو تاوانەکانی خۆیان بخەنە ئەستۆی ئەو دیکتاتۆرەی کە وەکو جرج لە گونجێکدا گیراو ماوەی سێ ساڵ لە زیندانەکەی خۆیەوە گاڵتەی بە شەریعەتە پڕ مەهزەلەکەی ئەوان کرد. ئەوان ویستیان بڵێن ئەو بەرپرسە لە تاڵانکردنی وڵات و دەستدرێژیکردنە سەر دایك، بۆیەش دەیانویست وەها بڵێن، چونکە نەوەکان وردە وردە خەریك بوو درکیان بەوە دەکرد کە کوڕەکانیش کۆمەڵێك تووڵەمارن کە لە سەردەمێکی نەزانراودا لە هێلکەیەکەوە تروکاون کە بە تۆوی سەدام پیتێنراوە. هەربۆیەشە کاتێك کوڕەکان لە ساتەوەختی ئاڵاندنی پەتەکە لە ملی دیکتاتۆرەوە دەستیانکرد بە هوتاف کێشان، ئەو بە هێمنییەکەوە لێیپرسین "ئەمانەن ئەو پیاوانەی باسیان دەکەن؟" گرنگی ئەم پرسیارە لەوەدایە کە سەدام باش دەیزانی کە ئەو پیاوانە چین!**

**کوڕەکان باوکیان کوشت و لە ئاهەنگێکی ئاینیشدا گۆشتەکەیان خوارد، بەوکارەش خواستەکەی سەدامیان هێنایەدی کە پێشتر وتبووی "من دەبم بە قوربانی گەلی عێراق". ئەوان بە نەزانی خۆیان کارێکیان کرد کە کە دواهەمینی دیکتاتۆرەکان ببێت بە**

شەهید. گێڕانەوەی تەرمی سەدام بۆ عۆجەو ناشتنی لەو جێگایەدا کە ئەمریکییەکان بۆیان دیاریکردبوو، نامەیەکی ئەمەریکی بوو بۆ کوڕە قەزەمەکان: هەرچۆنێك بێت ئەو لە ئێوە پیاوتربوو.

بەڵام کوڕەکان وەها بیریان نەکردبۆوە، ئەوان دەیانویست بە خواردنی گۆشتی دیکتاتۆر لەو هەموو تاوانە مێژووییە پاك ببنەوە کە دەرهەق بە ئالی بەیت کردبوویان (ئالی بەیت هەم بە مانا ئەسڵییەکەی‌و هەم بە مانای دانیشتوانی ئەم وڵاتەی پێی دەڵێن وڵاتی دوو رووبارەکە). ئەوان لە سێ ساڵدا زەبرێکیان لەم وڵاتە وەشاند کە دوازدە ساڵی گەمارۆ ئەوەی پێنەکرابوو.

ئێمە لەباکور ئەزمونێکی لەوان زیاترمان هەیە، کاتێك کوڕەکان لە شاخەکان هاتنە خوارەوە، هێشتا باوك هێزی ئەوەی مابوو کە بیانپلیشێنێتەوە، بۆیە لەپاڵ مارەکردنەوەی دایکدا، ماوەی دوانزە ساڵی لەیەك دووری خەریکی ماستاوکردن بوون بۆی، نەوەك لە ساتێکدا لێیان تووڕە ببێت‌و کۆشکە سەهۆڵینەکانیان بڕمێنێت. هەربۆیە چەندجارێك ماچیان کردو هەوڵیاندا بگەڕێنەوە ریزی نیشتمانی‌و بە درێژایی ئەو هەموو ساڵە پەیوەندییان بەو باوکەوە نەپچڕاند، پەیوەندییە ئۆدیپۆسییەکەی ئەمان بە باوکەوە بەڕاستی لێوانلێو بوو لە خۆشەویستی‌و رق.

ساڵانێکی دوور بەر لە ئێستا یەکێك لە کوڕەکان وتبووی "سەدام دوژمن نیە، ئەو ناوبژیوانە" ئەم قسەیە لەکاتێکدا بوو کە کوڕەکان بۆیان دەرکەوتبوو دەڕۆستی باوك نایەن، بۆیە لە نێوانی خۆیاندا لێیان ببوو بە شەڕ، چونکە ئەوان بێ خوێن ناژین. کە هێرشی ئەمەریکییەکان (ئەو رزگارکەرانەی لە دەرەوە هاتن بە هانای کوڕە بەزیوەکاندا) دەستیپێکرد، یەکێك لە کوڕەکان وتی "ئێمە لەگەڵ رماندنی سەدامدا نین، بەڵکو داوا دەکەین سیستمێکی دیموکراسی پیادە بکات." هەرکەسێك ئەدەبیاتی ناو رۆژنامەکانی ئەو ساڵانەیان بەسەربکاتەوە، دروستی قسەکانی ئێمەی بۆ دەردەکەوێت. کاتێك کوڕەکان بە پێڵاوە لاستیکەکانیانەوە هاتن، ئێمە خاوەنی هەموو شتێك بووین‌و ئەوان هیچ، ئێستا ئەوان خاوەنی هەموو شتێکن‌و ئێمە هیچ، جارجارەش باڵای ئێمە بە پێڵاوە لاستیکییەکانی خۆیان دەپێون.

ئێمەی باکوری (بە خۆشحاڵییەوە وادەڵێم، چونکە دواجار بۆمان دەرکەوت، هەرێم جگە لە دەفێکی دڕاو هیچی دیکە نەبوو، دوای ئەوەی ئەو هەموو ساڵە هەمان سیستمی پەروەردەو هەمان سیستمی یاسایی پیادەکرد کە دیکتاتۆر داڕشتبوو، لە دواهەمین خۆتەبرییەکردنیدا لە ئێمە، هەرێم خەریکە سرودەکەمان‌و ئاڵاکەشمان دەگۆڕێت) ئەزمونێکی دەوڵەمەندترمان لەگەڵ کودێتای کوڕەکاندا هەیە، ئەو کوڕە برسییانەی لە سەردەمی توولەییاندا خۆمان داڵدەمان دان‌و ئێستا بوونەتە ئەژدیهاو ئاڵاونەتە ملمان.

وەلێ مەسەلەکە دیوێکی دیکەشی هەیە، رەنگە لەناوچوونی دیکتاتۆر پانبوونەوەی سەرە ڕاستەقینەکەی هایدرا[2] بێت، کە ئیتر بەو زەبرە لەناو دەچێت، ئێمە ساڵانێکی درێژە خۆمان بە پەڕاندنی سەرەکانی دیکەوە خەریك کردووە، بەڵام لە جێگەی هەر سەرێکی پەڕێندراو دوو سەری دیکە دروست دەبوون، هەرکەسێکمان وێرابێتی سەیری چاوەکانی بکات، دەیکرد بە بەرد. بەبەردکردنی ئێمە لەو هەموو شکاتکردن لە رۆژنامەنوس‌و نوسەرانەدا، لەو هەموو یاسا پڕ لە ناڕەوایەتییەی سەندیکاکانی رۆژنامەوانان‌و نوسەراندا بەرجەستەبوو.

ئیتر بەهانەی هاتنەوەی دیکتاتۆر نەما، لێرە بەدواوە دزینی پارەکانمان دزییە، گەندەڵی گەندەڵییە، خیانەت خیانەتە، چونکە تا دیکتاتۆر مابوو، دزییان لێکردبووین بە دەسپاکی، گەندەڵی بە دڵسۆزی، خیانەت بە نیشتمانپەروەری.

من خۆشحاڵم بە نەمانی دیکتاتۆر، بەڵام بە نەمانی تەواوی توولە دیکتاتۆرەکان، خۆشحاڵتر دەبم.

. لە میتۆلۆجیای یۆنانیدا سفینیکس بونەوەرێکە سەرو سنگی ئافرەت‌و جەستەی شێری هەیە.

. هایدرا درنجێکی نۆ سەر بوو، سەیری هەرکەسێکی بکردایە دەیکرد بە بەرد.